# ئەوان ناپاكانە لەفێڵانن و كورديشدڵپاكانە لە پێگەياندنيان!!

## ئەحمەد دەشتی

ئەگەر بە وردی بڕوانینە کردەوە و پەیڤ و ڕامانی ڕابوردووی‌دوورو نەزیک و ئەمڕۆی کوردستان و هەموو ئەوانەی کە بە ئاشکراو ئەوانەی کە بە ناو دۆستایەتی گەلی کورد کردنیش وا خۆیان لە سەرەوە نیشان دەدەن کە مرۆی دیموکراتخوازن و پیاوی چاکن تا ئەو کاتەی کە دێنە سەر کاریان و جێگیر دەبن و بۆیان دەلوێت و ئەوسا لێمان هەل دەگەڕینەوە و دەبن بد دڕندە و دژ بە کورد هەلسو کەوت دەکەن و پەلامارمان دەدەن، ئەوا ئەمڕۆش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ماهیەت وئەو ڕامانانەی کە لە باوک و باپیرانیا وەریان گرتووە و هەنوکەش وەک کەلەپورێکی تەواوی نەتەوایەتیان بۆیان ماوەتەوە و بە گیان و دڵیشیان ئەو ڕەوشت و ڕامان و بۆچونانەیان دەپارێزن و دژایەتی گەلی کوردن دەکەن هەرچەند زۆریان بە شێوەیەکی ڕک و ڕاست و دیارلە زۆر پەیڤ و بۆچوون و دەربڕینەکانیان بە ڕاشکاوی ئەم دژایەتی کردنی کورد ناکەن بەڵام هەموو داواو هەول و خەباتی ساڵها ساڵی گەلی کوردیان بەلاوە گرنگ نیەو خۆی لێ لادەدەن، بە تایبەتی دەربارەی‌کێشە هەلواسراوەکانی کوردستان وەکو شاری کەرکوک و مانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ،هەرچەند کە دوای ئەو هەموو قوربانی دان و نەهامەتی و کارەساتەکان و ئەو فیدرالیەی کە کورد ئێستا دەیەوێت و گەلێک لە مافی کوردو کوردستان بچوک ترە بەڵام ئەمڕۆ گەلی کورد پێی ڕازیە ، ئەمەش لە بەر ئەوەی کە گەلی کورد نایەوێت کە دیسان نائارامی و مال وێرانی و خوێن بڕژێتەوە،کەچی دەبینین و دەبیستین کە ئەوان واتە عارەبەکانی هاوپەمانیش چۆن گرفت بۆ گەلی کورد دروست دەکەن و بە ئاشکرایی مافەکانمان پێشێل دەکەن دەن بە پێشمەرگەی کوردستان و هەموو مافەکانمان نایێنن دەیانەوێ کەو نە ناسینی کەرکوکی دڵی کوردستان هەر ئاوا بێت کە سەدامایان بە سەیان هێناوەو ئەو فیدرالیەی کە کورد دەیەوێت وەدی نێت و دانی پێدا ناهێنن و هەر بێر لەوە دەکەنەوە کەچۆن دژ بە هەستی کورد و مانەوەی ناوچە تەعریب کراوەکانی کوردستان وەک زەمانی سەدامی تاوانبار بەکەن بە تایبەتی شاری کەرکوکی دڵی کوردستان کە تا ئێستاش لە هەموو گفت و گۆکان دا تازیەکان دەیانەوێ کە ڕاکانی خۆیان کە دژ بە کوردە بسەپێنن و هیچ باسێک لە داواکانی سەرەکی کورد ناکەن و تەنانەت لەملاو ئەولاشدا ڕاکانیان دەخەنە پاڵ ڕای داگیرکەری تورک و تەواوی دوژمنانی کوردو کوردستان دڵشاد دەکەن و هەروەک تەواوی عارەبە شۆڤێنیەکانی وەک سەلیم مەتەر و باریلعەتوان و هارون ناوێک و گەلێکی تر کە لە

ڕاگەیاندنەکانێ عارەبی دا بونەتە قارەمانی دژ بە کوردو کوردستان ، دەبینین و دەبیستین کە بە ڕاشکاوی کوردستان بە خاکی عارەبان دادەنێن و دژ بە هەموو داخوایەکانی گەلی کوردستان زۆر بێ شەرمانە دەدوێن قەت دان بە مافی سەربەخۆیی کوردستانەوە ناهێنن،کە من پێم وایە ئەو بیرو بۆچون و دەربڕینانەی زۆربەی هەرە زۆری عارەبان دژ بە گەلی کورد و پیلان نانەوەیان لە کوردستان و هاو ئامانجیان لە گەل دەولەتی تورک دا هەمان ڕۆژگارانی سەدام و پەیمانەکانی سەنتۆو ئەو هەموو ماڵ وێرانی و هێرش و پەلاماردانانەی دژ بە کوردو کوردساتانە کە لە ڕابوردو ئەنجامیان داوەو ئەمڕۆ دەیانەوێ پیادەی بکەنەوە،ئەو ڕەفتارو بۆچوونە سەقەتانەیان ڕۆژگارانی ڕابوردوی سەدامیان دێنێتەوە ناو خانەی خەیالی هەموو کوردێک و یادی کارەساتەکان و ڕابوردووە تالەکان دێننەوە بەر چاو کە ئەمانەش هیچ جیاوازیەکیان لە نێوان دا نیە،ئەمانەی کە ئاوا بیر دەکەنەوە و هەولی بەرمەلا کردنی هەموو داخوازیەکانی کوردو کوردستان دەدەن لە گەل سەدامیان جیاوازیان نیەو دیسانەکە دەیانەوێ کە کوردستان بشێلنەوەو گەلی کورد دوور بێت لە ئاسایش و ئارامی و گەیشتن بە مافە ڕەواکانی میللی خۆی لە ناو ماڵی خۆی دا.

ئەوەی سەیرە دەبینین کوردیش وا خەریکە بەغدا بە هێز دەکاتەوەو گەلێ لەوانەی کە بەشداریان لە ڕشتنی خوێنی هەزاران هەزار کوردی بێ تاوان کردوە،وا دینەوە سەرکارو زۆریشیان هەر لە سەر کار ماون و ئیستاش وەلا نەدراون و لە ژێرەوە خەریکن دەستی ڕەشیان دەخەنەوە ناو کوردستان بە ڕەفتارو پەیڤ و دەربڕینەکانیان دەستی دوژمنایەتیان بۆ گەلی کورد درێژ دەکەنەوە و هیچ جۆرە پاکی و دان نانێکیان بە مافەکانی زەوت کراوی کورد نەبووە و هەرگیز بۆیان بلوێت دان بە کوردو کوردستان ناهێنن و ئەگەر بتوانن قەتیش لێ ناگەڕین کە گەلی کورد بە ئاسودەیی و ئارامی لە ناو مال و حالی خۆی دا ئاسودە ببێت،ئەوان داگیرکەرانی مێژوویی هەتا بۆیان لواوە دەستیان بە خوێنی کورد سورەو دان نان بە مافە ڕەواکانی گەلی کوردو دان نان بە کەرکوکی دڵی کوردستان و هەموو کوردستان بە خەتی سوری خۆیان دەزانن و ئەوەندە شۆڤێنین کە دەبینین لەو هەموو وەلاتانەی عارەبان دا تەنانەت جارێ لە جاران لە ئێزگەیەکی ڕادیۆشیان دا گوێت لە نابێ کە لە بەر خاتری 50ملیۆن کورد جارێ گۆرانیەکی کوردیش لێ بدەن ،بەلێ گەلێک ڕاستیان گوتوە کە دەڵێن( ئەوەی لە مشک بێت هەمانە دڕە )و ئەمانەش لە باوو باپیرانیان وایان بۆ ماوەتەوە کە لەسەر خوێن ڕشتن و کوشتن و بڕین خۆیان پێ بگەیێنن،ئەگەر ئاوڕێک لە دیرۆک بدەینەوە دەبینین کە چیان بە سەر گەلانی تر هێناوە و چۆن لە مێژووی کۆنێش دا هاتن کوردستانیان خاپور

کردو باوو باپیرانماین کوشتین و به کافریان دانان و هەرچی کە کورد هەیبوو هەمویان ئەنفال کردو سامان و سەروەت و هەموو بونێکی ئەو گەلە کوردەیان بە زۆری زۆرداری سەندو بردیان و دزیان و گەلێ کەلەپووری نەتەویەتی و مێژووی کوردیان لە ناو بردو تالآنیان کردین .ئێمەی کوردیش لە گەل ئەو هەموو جنایەت و ڕابوردووە تاڵ و ناخۆشانەی کە بەسەریان هێناوین هەتا ئەمڕۆش پەندمان وەر نەگرتوەو هەر خزمەتیان داین ، ئەوان بە ناوی دین و عروبەیانەوە هاتن کوردستانیان لێ داغون کردین و لە ژێر سایەی ئالآی ئەللاهول ئەکبەری سەدامیان دا بە هەزارانیان کوشتین و بە ناوی عروبەوە ئەنفالیان کردین و لە ناویان بردین،کەچی ئێمەش بە ناوی دین خزمەتمان بەوان کرد و هەر لە دیرۆکی کۆنەوە لە خزمەت عارەبان دابووین،هەر کورد بوو ئەوانیان لە دەست خاچەکان ڕزگار کردو ئەوا ئیستاش دەبینین چۆن وا ئەوان زیندو بکەینەوە و بەگژ خۆمانیان وەدەنێینەوە،ئەوانیش یەک زەڕە نەگۆڕاون و ئێستاش هەروەک ڕابووردو وان و هەر ئاوا وەک ڕابوردوش بیر دەکەنەوە و قەت و قەت نابن بە دۆستی کوردان و هەتا بۆیان بلوێت کوردستان داگیر دەکەن و کورد دەکوژن،ئەوان کە دەستیان نەڕۆیی دیارن کە خۆ دەخیل دەکەن و کە دەستیشیان ڕۆیی ئەوا سواری سەرملت دەبن و هەتا نەت خنکێنن وازت لێ ناهێن.

ئەوەی کە جێگەی داخە تەنیا ئەوەیە کە نازانم بۆچی ئێمەی کورد پەند وەرناگرین و بۆچی ئاوا دەمانەوێ پێش خۆمانیان بدەین و ئەوان زیندوو بکەینەوەو بۆچی لە خۆمان بە گەورە تریان دادەنێین وئاوا وەپێش خۆمانیان دەدەین؟قەت لە دڵم دەر ناچێت لە بەرلین لێژنەیەکمان بۆ جلیەی عێراقی هەلبژێرد ا کە 22 کەس بوون لەو 22کەسەش تەنیا 6 عارەبی تیدا بوو ئەوانی تر هەمووی کورد بوون کە بە هەڵبژاردن لە ناو خەلکی ئاوارەی دەرەوەی عێراقی لە کۆنفرانسێک هەلبژێردران کەچی بە داخەوە هەستان کۆبونەوەیەکیان کردو یەکسەر ژنێکی عارەبیان داناو هێنایان کردیان بە سەرۆکی خۆیان ، بەڵی ئێمەی کورد ئاواین و هەر ئاواش بە سەقەتی بیر دەکەینەوە. 20.6.2005